

**ناسوحی گونگۆیر**
**نووسەر و ڕۆژنامەوان**

# باکووری عێراق
# (ڕابردوو و داهاتووی ڕاگەیاندن لە دیاریکردنی پەیوەندییەکاندا)

**تێگەیشتنی تورکیا لە باکووری عێراق**

کاتێک کە لە پرسێک دەکۆڵینەوە، ئەو وشانەی کە بەکاریان دەهێنین یا ئەو تەرمینۆلۆژییەی کە بۆ ئەو پرسە دروست کراوە، نیشان دەدات کە چوون مامەڵەمان لەگەڵ ئەو پرسەدا کردووە یان نەکردووە. ئەو تێگەیشتنەی کە لە تورکیادا سەبارەت بە وشەی باکووری عێراق دروست بووە، بۆخۆی کێشەیەکە. بەشێوەیەک کە ئەوانەی خەڵکی ئێرەشن باش دەزانن، کە بەکار هێنانی وشەی باکووری عێراق، پرسێکی دیار دروست دەکات. تێگەیشتنی تورکیا لە باکووری عێراق، بە شێوەیەکی بەربڵاو و گشتی، تێگەیشتنێکی نیگەتیڤ و نکۆڵکارانەیە. لە هەمووی سەیرتر ئەوەیە، کە ئەم دەستەواژەیە بە ترسێکی قووڵ و وەهمەوە هۆندراوەتەوە.

با موراديفەکانی هەرێمێکی جۆگرافی کە لە مێشکماندا هەن، ببانیژمێرین:

- باکووری عێراق ئەو شوێنەیە، داڵدەی ئەو تیرۆرە دەدات، کە پەلاماری وڵاتمان دەدات.
- لە باکووری عێراق بۆ پارچە کردنی ئێمە، دەوڵەتێکی کوردی لە دامەزراندندایە، هەروەها دووبارە هەڕەشەیەکە لە یەکپارچەیی خاکی تورکیا.
- لە باکووری عێراق ئەو کوردانە دەژین، کە خیانەتیان لە هاوکاری و ئیمکانیاتی تورکیا کردووە.
- باکووری عێراق ئیسرائیلی دووەمە.
- باکووری عێراق لە لایەن ئەمەریکایەوە وەک بنکەیەک بۆ دژایەتی کردنی وڵاتە ئیسلامییەکان بەکار دەهێنرێت و بەو مەبەستە ئامادە کراوە.
- هەموو جۆرە قاچاقچییەتی و کاری خراپ، لەو هەرێمەوە تێپەر دەبن.

دەتوانم ئەو لیستەیە درێژتر بکەم. بەڵام هێشتا لە بوارێکی بەرفراواندا سیاسەتەکانی ئەو دوو ساڵەی دەوڵەتی لێدەرچێت، لێکدانەوە و تێگەیشتنی کۆمەڵگەی تورکیا سەبارەت بە باکووری عێراق زۆر خراپە. لەوە خراپتریش ئەوەیە، کە سەرچاوەی تێگەییشتنی کۆمەڵگە لە هەمان بەهەڵە تێگەییشتن و گۆشەنیگای هەڵەوە سەرچاوە دەگرێت.

هەرێمێکی جۆگرافی لە باکووری عێراق، ترس و دڵەڕاوکێیەکی جدی لە ناو هزری کۆمەڵگەدا دەخولقێنێت و بێگۆمان ئەویش هۆکاری خۆی هەیە. دروستبوونی ئەو نیگەرانییە بەرئەنجامی ئەو ترس وتیرۆرەیە کە پ ک ک خولقاندوویەتی. بەڵام نابێت کاریگەری ڕاگەیاندنیش وەکوو فاکتەرێکی سەرەکی لە بەخێوکردنی ئەو ترس و دڵەڕاوکێیە لە مێشکماندا لەبیر بکەین. ئەمڕۆ ڕاگەیاندن ئەو مەسەلەیە بە چ زمانیک دەردەبڕێت، بە نموونەی ڕۆژانە نیشانی ئێوەی دەدەم.

**هەواڵێکی سەرسوڕهێنەر**
**ماڵباتی بارزانی جوولەکەیە**

نەتەنیا سەبارەت بە باکووری عێراق، بە ئاوایەکی گشتی سەبارەت بە پرسی کوردیش، ڕاگەیاندن چ زمانێکی بەکار هێناوە و ئەو زمانە پرسەکەی بەرەو کامە لا هەڵکێشاوە و چۆن دنەی داوە، مرۆڤ دەتوانێت زۆر نموونەی بێتام دەستنیشان بکات. بەڵام مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا وەکو پرسی تایبەتیی باکووری عێراق، هەم لێتێگەییشتنی پرسەکە ئاسان دەکات و هەم دەرفەتی ئەوەمان بۆ دەڕەخسێنێت، کە بتوانین ئەو فکر و زەینییەتە بناسین، کە ئەو جۆرە هەواڵانە ئامادە دەکەن. هەروەک ئێوەی بەڕێزیش بە بیرتانە، بە نموونەی هەواڵێک کە لە جەوهەری باسەکەمان نزیکمان دەکاتەوە، دەست پێدەکەم. با پێکەوە ئەو هەواڵەی کە بە ئیمزای سەفا کاپلان لە ١٨ی شوباتی ٢٠٠٣ لە ڕۆژنامەی حوررییەتدا بڵاو کراوەتەوە، بیخوێنینەوە:

«لە کاتی ئەگەڕی شەڕدا، ماڵباتی بارزانی کە نایەوێت سەربازەکانی تورکیا لە باکووری عێراقدا جێگیربن، دەرکەوتووە کوردی جوولەکەن و تا ئێستا ژمارەیەکی زۆر خاخامیان پێگەیاندووە.» ئەوانەی کە بەدواداچوونیان کردووە، لە بیریانە. ئەم هەواڵە پاشان ببوو بە بابەتی گفتوگۆ و مشتومڕی زۆر. هاوکات لەگەڵ ئەو بیروراییەی کە بۆ چی ماڵباتی بارزانی جولەکە نین و ناشبنە جوولەکە، زۆر بابەت بڵاوبوونەوە و تەنانەت هەندێکی دیکەش هەبوون کە بەرگرییان لە بیروڕای یەکەم دەکرد. نامەوێ بچمە ناو ئەو وردەکارییانەوە. بەڵام بۆ ئەوەی کە بزانین ئەو هەواڵە تا چ ڕادەیەک کاریگەر بووە، چۆن بوو بە بنەما و سەرچاوە بۆ ئەو هەزاران و تەنانەت دەیان هەزار بابەتەی کە نووسراون، بەس ئەوەندە بەسە بچنە ناو سایتی گووگڵ و وشەی بارزانی و جولەکە لەپاڵ یەکتردا بنووسن و بۆی بگەڕێن. لە ڕاستیدا بڵاوکردنەوەی ئەم ئیدعایانە لەم ساڵانەی دواییدا کە مەبەست لێیان ڕاوکردنی «ناسنامەی نهێنیی» مرۆڤەکانە لە ناو میدیای تورکیادا، زۆر پەرەی سەندووە.

کێ لە کامە نەژاد یا لە کامە ئایینە، داخۆ ناسنامەی نهێنی هەبێت؟ ئەم هەواڵانە بە دەست پێشخەریی یاڵچین کووچووک بە شێوەیەکی جدی پەرەیان ستاند.

بەڵام نووسین و مامەڵە لەگەڵ پرسەکەدا ئەوکات لە میدیای مەرکەزدا (مەبەست گرووپی دۆغانە) لە گرنگترین ڕۆژنامەی ئەو گرووپەدا کە خۆیان پێیاندەگوت «کەشتییەکەی ئەمیراڵ» (مەبەست ڕۆژنامەی حورییەتە) بە زمانێکی ناشیرین و نزم کاریگەرییەکی زۆر گەورەی لەدوای خۆی بەجێهێشت. چونکە ئەو کەسانەی دیفاعیان لەوە دەکرد، کە ماڵباتی بارزانی جوولەکە نییە و تێزی بەهێزی مێژوویان بۆ سەلماندنی ئەو ڕاستییە هەبوو، کە پێشتر گرووپی بچوکی جوولەکە لە ناوچەی بارزان ژیاون، کە لەو بارودۆخەی ئەوسای تورکیادا دەنگیان نەبیسترا. ئەو چینەی کە وەکوو نەژاد پەرەست دەناسرێت، جار جار لەگەڵ چینی ئیسلامی لە تورکیا، جاروبار لەسەر ئەوە یەکدەگرن، کە زۆر ماڵبات هەن یەهوودی یان ساباتائیستن، تێزی ئەوەی کە «دەرکەوت ماڵباتی بارزانی یەهودییە» ناوودەنگێکی زۆری دەرکرد. تەنانەت ئەگەر بێتو مەسعوود بارزانی بێت لە تورکیاش بڵێ ئەوە ڕاست نییە ، ژمارەیەکی زۆر دەڵێن ڕاست ناکات و ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆت ئاشکرا ناکات.

**سەروەریی زمانی سوپای تورکیا و باکووری عێراق**

جارێکی دیکە با بگەڕێینەوە بۆ سەر هەواڵەکەی ڕۆژنامەی حوررییەت، کە لە ئەسڵدا خاڵی گرنگ لەم هەواڵەدا ئەوەیە: «لە کاتی ئەگەڕی شەڕدا ماڵباتی بارزانی کە نایەوێت سەربازەکانی تورکیا لە باکووری عێراقدا جێگیر ببن.» ڕاست یان هەڵە بوونی ئەو تێزەی کە ئەم هەواڵەی بەرگری لێدەکات یان ئەو ئیدعایەی کە دەیکات بەلایکەوە، ئەسڵی پێکهاتەکە لە ناو ئەو ڕستەیەدا دەردەکەوێت.

مانگی شوباتی ساڵی ٢٠٠٣ لەم بارەیەوە مێژوویەکی گرنگە، لەبەر ئەوەی ئەو کاتە سوپای ئەمەریکا خۆی ئامادە دەکرد بۆ داگیر کردنی عێراق. بۆ سوود وەرگرتن لە خاکی تورکیا، ئەمەریکا داوای

هاوکاری کردبوو. ئەو سەردەمە بە سەردەمی ڕەشنووسی یەکی مارت، چووەتە ناو مێژووەوە. سەرەڕای داخوازی و هاوکاریی پارتی دەسەڵاتدار (پارتی داد و گەشەپێدان) پەرلمان ڕەشنووسی پێشنیازەکەی پەسەند نەکرد. بڵاوکردنەوەی ئەو هەواڵە پێش لە ڕەشنووسی پێشنیازەکە، ئامادەکردنی بەو شێوەیە، سەرنجڕاکێشە. با لەخوێندنەوەی هەواڵەکەی ڕۆژنامەی حورریيەت بەردەوام بین. «وەک دەزانرێت مەلا مستەفا بارزانی و کوڕەکەی مەسعوود بارزانی، لەگەڵ ئیسرائیلدا خاوەن پەیوەندی بەهێز و باشن و هەر لەسەرەتاوە ئیسرائیل پاڵپشتی سەربەخۆیی کوردەکانی عێراقی کردووە.»

پێکهاتەی هەواڵەکە کە لەسەر ئەوە بنیاد نراوە، کە ئاماژە بە پەیوەندیی نێوان ئیسرائیل و بارزانییەکان بکات و پەیام و ئامانجیش لەوە روون و ئاشکران. بواری سەرنج ڕاکێشی ئەو ڕەفتارە ئەوەیە، کە ئەو ڕۆژنامە لە نووسین و هەواڵە ئاساییەکانی خۆیدا زۆر نزیکی ئیسرائیل و لایەنگری دامەزراندنی ڕێککەوتنی ستراتیژیکی لەگەڵ ئیسرائیلدا بوو. بەڵام بۆ ڕەخنەگرتن لە بارزانی، هەم یاری بە کارتی ئیسرائیلی کردووە، هەم بەهوودیەتیش تاوانبار کردووە.

ڕۆڵی ئەو زمانەی کە سوپای تورکیا لە ساڵی ١٩٩٦وە و لەو کاتەیەوە کە بە شێوەی ڕەسمی سیاسەتی تورکیا لە هەمبەر باکوری عێراقی گرتۆتە دەست، لە بڵاوبوونەوەی ئەو هەواڵەدا، شتێکی خەیاڵی نییە.

تەنانەت ئەو زمانەی کە لە لایەن میدیای مەرکەزەوە (مەبەست گرووپی دۆغانە) لە کاتی هێرشەکانی سوپای تورکیا بۆ سەر هەرێمەکە بە کار هێنراوە، چەندە عەسکەرتار و وەکوو زمانی سوپا بووە. بۆ دروستکردنی عەقڵییەتی کۆمەڵگە سەبارەت بە باکووری عێراق و لەمە مەترسییدارتر سەبارەت بە دروستبوونی تێگەییشتن لە کورد، ئەو جۆرە هەڵسوکەوتانە تا چ ڕادەیەک خاوەن کاریگەری بوونە، ئاشکرایە. کاتێک کە سوپای تورکیا لە سیاسەتی ناوخۆیی وڵات و سیاسەتی بەرامبەر بە باکووری عێراق بوو، بە تەنیا هێزی دیاریکەر، ئەو قوناغە وەک ٢٨ی شۆبات ناوی لێی نراوە و لەگەڵ ڕۆحی سوپای تورکیادا دەگونجا. لەو ماوەیەدا دامۆدەزگاکانی دیکەی

دەوڵەت بە تایبەت لاواز بوونی هێزی سیاسی، ڕووداوەکان هەم بۆ تورکیا هەم بۆ باکووری عێراق، بەگران تەواو بوون. ئەو زمانەی کە سەرچاوەکەی ئەمنییە، لەگەڵ خۆیدا ڕێککەوتن، نزیکبوونەوە و چارەسەری نەدەهێنا، بەڵکوو بە پێچەوانەوە ئاڵۆزتر کردنی کێشەکەی لێ چاوەڕوان دەکرا. ئاکامیش هەر بەم شێوەیە بوو. ئەو زمانە هەمیشە دوژمنی دروست دە کرد. دیپلۆماسی و ئابووری بەلایکەوە، دەرفەت نەدرا کە پەیوەندییە مێژووییەکانی نێوان ئینسانەکانی هەر دوو لای سنوور، تۆزێک لە بارگرێژیی کێشەکە کەم بکەنەوە.

هەموو پێکەوە دیتمان، ئەو سیاسەتانەی کە بە دەستی سەرۆک ئەرکانی تورکیاوە پەیڕەو دەکران، چۆن بێئاکام مانەوە. ئەو سیاسەتە کە لە ڕوانگای ئەمنییەوە سەرچاوە دەگرن، ڕاستی و دروستیان جێگەی گفتوگۆن، لە ناکاو بوو بە هۆکاری دروستبوونی لێک دووربونەوەیەکی باوەڕ نەکراو لە نێوان تورکیا و باکوری عێراقدا. ساڵانێکی درێژ ئەو سیاسەتە کە هیچ بەهایەکی بۆ مێژووی هاوبەش دانەدەنا و بە ترس و دڵەڕاوکێیەوە لە هەر جۆرە پەیوەندییەکی کولتوورییەوە دەڕوانی و جگە لە شێوازی سزادەرانە هیچ تێزێکی پێ نەبوو، لەلایەن سوپای تورکیاوە پەیڕەو کرا. ئەو زمانەی کە لەو ماوەیەدا دەرکەوت و لەلایەن ڕاگەیاندنەوە شلگێرانە پاڵپشتی لێی کرا و تا ئێستاش لە ناو میدیای تورکیادا ئاسەواری هەر ماوە، لە درێژەدا بە چەند نموونەیەک لە زنجیرە تەلەڤزیۆنییەکان و فیلمە سینەماییەکان، ئەوەتان بۆ ڕوون دەکەمەوە.

### حکومەتی پارتی داد و گەشەپێدان و باکووری عێراق

ئەو پرۆژەیەی کە گرووپە کوردییەکانی لە هەرێمەکەدا جگە لە ڕێککەوتنی کاتی هیچ حیسابێکی دیکەی بۆ نەدەکردن و زۆرتر گرووپە تورکمانەکانی هەرێمەکەی بە بنەما وەردەگرت، تا ڕادەیەکی بەرچاو لەلایەن پارتی داد و گەشەپێدانەوە کۆتایی پێهاتووە.

بەڵام ناچارین ئەوە قەبووڵ بکەین، کە زمان و تێگەیشتنی دەسەڵاتدار تا چ ڕادەیەک کاریگەری لەسەر کۆمەڵگای تورکیا کردووە.

سەرەڕای پرۆژەی گفتوگۆ و نزیک بوونەوە، کە دوو ساڵە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوەییەوە باسی لێوە دەکرێت، بەڵام هێشتا ئەو زمانە تا ڕادەیەکی بەرچاو کاریگەری خۆی لەسەر کۆمەڵگە پاراستووە و ناچارین ئەو ڕاستییە قەبووڵ بکەین. تەنانەت ئەو تێرمنۆلۆژییەی کە لە ڕاگەیێندراوەکانی سوپای تورکیادا سەبارەت بە باکووری عێراق بە کار دێت، ئەو تێگەییشتنە دووپات دەکاتەوە .

ئەوە دەزانین کە زۆربەی عەسکەرە خانەنشینەکان تا ئەو کاتەی لە پۆستی خۆیاندان و خانەنشین نەبوونە، لەکاتی لێدوان و قسەدا سنووریکیان بۆ خۆیان داناوە، بەڵام هەر کە خانەنشین بوون، لەبەر ئەوەیکە ناوچەکە لە نزیکەوە دەناسن، یا بە شێوەیەکی چالاکانە بەدواداچوونی مەسەلەکانی پەیوەست بە باکوری عێراق دەکەن، لە کاتی شرۆڤەدا بە پێداگرییەوە، زمانێکی سووک بەرامبەر ناوچەکە بەکاردێنن. بەکارهێنانی وشەی پێشمەرگەبە مەبەستی سووکایەتی پێکردن، جار جار لەلایەن چینی نەژادپەرەستەوە بۆ سەر زمانی ئاکادێمیسییەن، رۆشنبیر، ڕۆژنامەوان و سیاسەتمەدارەکانیش گوێزراوەتەوە و زۆر بەربڵاوە.

### ئینجا لە میدیای بینراودا

دەلی یورەک ، کورتڵارڤادیسی، تێک تورکیە و پارس نارکۆتێرۆر

کاتێک ئەم نووسراوەم ئامادە دەکرد، هیچ پێویستی بەوە نەکرد دانیشم بیر بکەمەوە، کە چۆن کۆتایی پێ بێنم. چونکە ئەوەی ئەو میدیایەی کە لە ناویدام و تایبەتی لەم ١٠ ساڵەی دوایدا هەر ئەڵقەیەکی تەلەڤزیۆنی کە درووست کرابێت، ژمارەی پێوانەیی لەرووی بینەرەوە شکاندووە و عەقڵیەتی کۆمەڵگایان ئەوەندە بەدخوو، بە هەڵەو دوژمنانە هەڵسووڕاندووە کە پێویستی بە فیناڵ یا کۆتاییەکی باش نامێنێت.

ئەڵقەی دەلی یورەک کە سەرەتا وەکوو ئەڵقە و دواتر وەکوو فیلمی سینەماییش نیشان درا، لە لایەکەوە ئەوەی نیشان دەدا، ئەو مافیایەی کە لە لایەن کوڕە باشەکانەوە دامەزرێندراوە، دەتوانێ دەرقەتی مافیای کوڕەخراپەکان بێت. لە لایەکی دیکەشەوە سەبارەت بە باکوری عێراق و کێشەی کورد کە دوو بابەتی زۆر هەستیارن، یارمەتی درووستبوونی زمانێکی دوور لە ئەدەب و نەزاکەتی دا.

ئەڵقەی پارس نارکۆ تیرۆر کە دوای ماوەیەک ڕاگیرا، جارێکی تر ئەو چەمکانەی بە زمانێکی تاوانبارانەتر و بە تووڕەییەوە شرۆڤە دەکرد.

بێگومان ناکرێ ئاڵقەی کورتلار ڤادیسی کە لەم بارەیەوە یەکێکە لە کاریگەرترینی ئەو ئاڵقانە لەبیر بکرێت. هەر هەمان چەمک، بەڵام بە شێوەیەکی زۆر تێکەڵ و پێکەڵ، تەریب و رازێندراوە، لەگەڵ رۆژڤی تورکیادا کەوتە سەر شاشەکانەوە. لاساییکردنەوەی مافیاکان لەلایەکەوە، ئەو شتە نگاتیڤانەی کە باسم لێوە کردن، لە مێشکی ملیۆنان تەماشەواندا بە هێزی کردن .بە بیروڕای من لەو جۆرە بەرهەمانەدا، ئەوی هەرە بێتام، ئەلقەی تێک تورکیەیە، کە لە تەلەفزیونی ( سامان یولۆ)دا نیشان درا. ئەوە لەبەر ئەمە ناڵێم کە لە ناو خرابەکاندا هەرە خرابە، بەڵکوو لەبەر ئەوە دەڵێم، کە لەگەڵ پەیامەکانی تەلەفزیەنەکەدا ناکۆکە.

سەبارەت بە گۆڕانی زمانی میدیا لەم بارەیەوە، ئومێد بەدی ناکەم. چونکە زمانێکی دوژمنانە و پیلانگێڕ لە ناو بینەراندا، لایەنگری زۆر دەبێت. بێگومان ئەو گفتوگۆیانە کە لێرە دەکرن و ئەو پەیامانە کە لێرە دەدرێن، زۆر بە نرخن، بەڵام بە بڕوای من، گۆڕانی ئەوەندە وەشان و پێگەی دژمنایەتی ئەوەندە ئاڵۆز، وادیارە پێویستی بە کاتێکی زۆر هەیە.

# توێژینەوە

ئەم ژمارەیە تایبەت بە کۆنفرانسی هەولێرە

ژمارە ١٢

گۆڤارێکی وەرزییە

تەوەری باس:

# گۆشە نیگایەک بۆ داهاتوو

گۆڤارێکی وەرزییە

ژمارە ١٢

